
### مانگی داهاتوو یارییەکەیان ئەنجام دەدرێت

# حکومەت و پەرلەمان لیاقەیان نییە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری بچووک دەکەنەوە




دوای ئەوەی وا بڕیار بوو لە مانگی (١١) یارییەکی دۆستانە لە نێوان هەردوو تیپی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان لە نێو یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی گەڕانەوەی رووفاتی ئەنفالکراوەکان بۆ نێو خاکی کوردستان، بەفەرمی بڕیار درا ئەم یارییە بۆ مانگی داهاتوو دوابخرێت، بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستا ئارام ئەحمەد وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان و گوتەبێژی فەرمی ئەم یارییە سەردانی یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری کرد بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ئامادەباشی یاریگا شانبەشانی مامۆستا ئارام هەریەکە لە د.کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوان و نوێنەری تیپی پەرلەمان شێردڵ تەحسین و د.شاکر ئەحمەد سمۆ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش ئامادە بوون.

مامۆستا ئارام سەبارەت بە یارییەکە لە لێدوانێکیدا گوتی: بە رەزامەندی هەردوو تیپ بڕیار درا یارییەکە بۆ مانگی داهاتوو دوابخرێت بۆ رێزگرتن لە گەڕانەوەی رووفاتی ئەنفالکراوەکان بۆ نێو خاکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەردەمیانە رێز لەم ئەنفالکراوانە بگرین.

لە درێژەی قسەکانیدا مامۆستا ئارام گوتی: بە رەزامەندی هەردوولا و بەهۆی نەبوونی لێهاتوویی جەستەیی وەك پێویست بڕیاردرا بە پێی یاسا و ستانداری جیهانی یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری بچووك بکرێتەوە و هەر لە ئێستاوە دەستەی ناوبژیوانانی یارییەکە دەستنیشان کراون، کە چوار لە باشترین





ناوبژیوانەكانی دێرینی كوردستانن، كە ساڵانێكی زۆر خزمەتی بواری وەرزشی كوردستانیان كردووە وەكو ڕێزلێنانێك لەم ناوبژیوانانە، كە هەر ناوبژیوانێك لە یەكێك لە شارەكانی كوردستانە.

مامۆستا ئارام درێژەی بەقسەكانیدا و گوتی: ئامادەكارییەكان بە باشی بەڕێوە دەچێت و هەوڵ دەدەین یارییەكە لە ڕۆژێك ئەنجام بدرێت، كە پشووی فەرمی بێت بۆ ئەوەی جەماوەرێكی زۆر لە نێو یاریگە ئامادە بن تاكو بتوانین زۆرترین داهات كۆبكەینەوە، تاكو بەسەر كەس و كاری شەهید و ئەنفالكراوەكان دابەش بكەین.

لە كۆتایی قسەكانیدا مامۆستا ئارام بە پێكەنینەوە گوتی: هەوڵ دەدەین یاریزانانی پەرلەمانی كوردستان ماندوو بكەین یارییەكە لە ڕۆژێك دابنێین، كە ئەوان خەریكی گفتوگۆی بودجەی ساڵی ٢٠١٣ بن، تاكو نەتوانن یاری بكەن و ئەگەر بێنە نێو یاریگەش ماندووبوونیان پێوە دیار بێت بۆ ئەوەی بتوانین سەركەوتن بە ئەنجامێكی گەورە تۆمار بكەین و ئێمە لە كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر یاریزانانی تیپی پەرلەمان بەردەوام-ین بۆ ئەوەی خاڵی لاواز و بەهێزی ئەم تیپە بزانین.

## تیپی حكومەت:

# هەوڵدەدین ڕۆژێک هەڵبژێرین یاریزانانی پەرلەمان ماندووبن و نەتوانن یاری بکەن

لە بەرانبەردا شێردڵ تەحسین ئەندامی لیژنەی وەرزشی پەرلەمانی كوردستان و یاریزانی سەرەكی تیپی پەرلەمان سەبارەت بە ئامادەكارییەكانی تیپی پەرلەمان گوتی: تا ئێستا ٣٠ یاریزانمان ئامادە كردووە بۆ ئەم یارییە لەم هەفتەیە ئەم ژمارەیە بۆ ٢٠ یاریزان كەم دەكرێتەوە، كە ٢ گۆڵچی و ١٨ یاریزانی سەرەكییە و دوو ڕاهێنەرمان دەستنیشان كردووە ئەویش هەریەكە لە سۆزان-ی خاڵە شەهاب و د.حەسەن.

لە درێژەی قسەكانیدا شێردڵ تەحسین گوتی: ئێمە هیچ شتێك سەبارەت بە سەركەوتن ناڵێین، تەنیا ئەوە دەڵێین لە نێو یاریگا وەڵامی خۆمان دەبێت و تۆپی پێ گەورە و بچووك نازانێت و ئەگەر تیپی حكومەت حەز بكات ئێمە یاری بە یاریزانی بە تەمەن دەكەین بۆ ئەوەی بیانوو بۆ دۆڕان نەدۆزنەوە.

شێردڵ تەحسین خاڵێكی گرنگی باس كرد و گوتی: تا ئێستا دوو ئەندام پەرلەمانی ئافرەت ئامادەیی خۆیان نیشان داوە لەم یارییە لەگەڵ تیپی پەرلەمان یاری بكەن شانبەشانی پیاو، هەرچەندە بڕیاری كۆتایی خۆیان نەداوە، بەڵام ئەگەر ئەوان بڕیار بدەن ئێمە لە یارییەكە بەشدارییان پێ دەكەین.

لە كۆتایی قسەكانیدا شێردڵ تەحسین گوتی: لیژنەی تەندروستی نێو یاریگە بۆ چارەسەركردنی یاریزانەكان دەستنیشانمان كردوون ئەوانیش ئافرەتن و ئەندامی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی كوردستانن.

بە پێی دوایین زانیارییەكان كە بە دەستمان گەیشتوون لە تیپی حكومەت ئاسۆس نەجیب وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی ڕاهێنەری ئەم تیپەیە و بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی گۆڵچی تیپی حكومەتە و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هێڵی هێرشبەر یاری دەكات و كاپتنی تیپەكەیە و قوباد تاڵەبانی لە هێڵی هێرشبەر یاری دەكات و مامۆستا ئارام وەزیری شەهیدان و كاروباری ئەنفالكراوەكان و گوتەبێژی فەرمی یارییەكە تووشی پێكان هاتووە و لەگەڵ تیپی حكومەت پارێزگاری هەولێر و دهۆك و سلێمانی بەشداری دەكەن و نەوزاد هادی پارێزگای هەولێر ڕۆژانە مەشقی خۆی ئەنجام دەدات بۆ خۆئامادەكردن بۆ ئەم یارییە.

## تیپی پەرلەمان:

# پەرلەمانتاری ئافرەت چارەسەری یاریزانەکان دەکەن لە نێو یاریگە

لە بەرانبەردا تیپی پەرلەمان سۆزان خاڵە شەهاب و د.حوسێن وەكو ڕاهێنەر دەستنیشان كراون و سێ ئەندامی پەرلەمانی لیستی گۆڕان لە هێڵی بەرگری یاری دەكەن و دوو گۆڵچیەكەی تیپی پەرلەمان لە ئەندام پەرلەمانێكی سەربەخۆ و ئەندام پەرلەمانێك لە برا مەسیحیەكان پێكهاتووە و ئەندام پەرلەمانێكی برا توركمانەكان یاریزانێكی سەرەكییە و لە هێڵی هێرشبەر یاری دەكات و ڕۆژانە مەشقی خۆیان لە شارۆچكەی عەنكاوە و یاریگەی دووەمی شەهید فرەنسۆ هەریری ئەنجام دەدەن و زۆربەی یاریزانەكانی ئەندام پەرلەمان لە گەنج پێكهاتووە ئەمەش خاڵێكی بەهێزی ئەم تیپەیە.

چاوەڕوان دەكرێت سەڵاح محەمەد كەریم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی پێشوو ببێتە ناوبژیوانی یارییەكە و تیپی پەرلەمان بە درێسی ڕەنگی شین یاری دەكەن و تیپی حكومەت بە درێسی سپی یاری دەكەن.

جێگەی باسە ئەمە یەكەم جارە لەسەر ئاستی عێراق و كوردستان ئەم جۆرە یارییە ئەنجام دەدرێت، كە ئامانجی خێرخوازی بێت و لە كۆتاییدا كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان براوەی یارییەكە دەبن.



# ماتیرازی: خەون بە یاریکردنی شانبەشانی زێدان دەبینم

یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی ئەنتەر میلان لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا پێکهاتەی خەونی دەستنیشـــان کرد، کە حەز دەکات شانبەشـــانیان یاری بکات، لەم پێکهاتەیە ناوی یاریزانی بەناوبانگی فەرەنسی زینەدین زێدان بەدی دەکرا.

لەمباریـــەوە ماتیرازی گوتی: زێندان-م خۆش دەوێت و شـــوێنێکی تایبەتی هەیە لە لای من و بیر لە کێشەی یاریی کۆتایی جامی جیهانی ٢٠٠٦ ناکامەوە، کە ڕوویدا، چونکە ئێمە بووینە پاڵەوان.

لە درێژەی قســـەکانیدا ماتیرازی گوتی: هیـــچ یاریزانێکم وەکو ئاســـتی زێدان نەبینیوە و ئەو یەکێکە لە باشترین پێنج یاریزان لە مێژووی تۆپی پێی لەسەر ئاستی جیهان و خەون بە یاریکردنی شانبەشانی دەبینم لە تیپی خەونەکان.

لە کۆتایی قسەکانیدا ماتیرازی تیپی خەونەکانی ئاشکرا کرد، کە بەمشێوەیە.

گۆڵچی: خۆلیۆ سیزار (بەرازیل)

هێڵی بەرگـــری: مایکۆن (بەرازیـــل)، فابیۆ کەرنەرڤارۆ (ئیتاڵیـــا)، ماتیرازی (ئیتاڵیا)، کریســـتیان شـــیڤۆ (ڕۆمانیا).

هێڵی ناوەڕاســـت: جینـــارۆ گاتۆزۆ (ئیتاڵیـــا)، دیان ســـتانکۆڤیتچ (ســـربیا)، دانێلی دی ڕۆســـی (ئیتاڵیـــا)، زینەدیـــن زێـــدان (فەرەنسا).

هێڵی هێرشبەر: ساموێل ئیتۆ (کامیرۆن)، ئەنتۆنیۆ کاسانۆ (ئیتاڵیا).



# ئەفیلای حەز دەکات بگەڕێتەوە بەرشەلۆنە

ئەســـتێرەی هەڵبژاردەی هۆڵەندا و یانەی شاڵکەی ئەڵمانی ئیبراهیم ئەفیلای ئاشکرای کرد، کە دوای تەواوبوونی ماوەی خواستنی بۆ یانەی شاڵکەی ئەڵمانی هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە یانەی بەرشلۆنە بۆ ئەوەی درێسی یانەکە دووبارە لەبەر بکاتەوە.

لـــە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەکانی هۆڵەندا ئەفیلای تەمەن (٢٦) ســـاڵ گوتی: ئامانجی سەرەکیم گەڕانەوەیە بۆ یانەی بەرشلۆنە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانم تام و چێژ لە تۆپی پـــێ وەربگرم و ڕۆژ بـــە ڕۆژ زیاتر حەز بە گەڕانـــەوەم دەکەم بۆ یانە کەتەلۆنییەکە.

لەبارەی قســـەکانی ئەفیلای، هۆرست هیلدت بەڕێوەبەری گشتیی یانەی شاڵکە گوتی: ئەگەر بمانەوێت پارێزگاری لە ئەفیلای بکەین، دەبێت بڕیارێکی عاتیفی بدەین و دەبێت ئەو حەز بە مانەوەی بکات لە یانەکەمان.

جێگـــەی باســـە یاریزانـــی هۆڵەندی بـــە ڕەگەز مەغریبـــی ئیبراهیـــم ئەفیلای لە ســـاڵی ٢٠١١ پەیوەندی بە یانەی بەرشـــلۆنەوە کرد دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی ئایندهۆڤن پێشکەش کرد، بەڵام بەهۆی پێکانەوە نەیتوانی بەشـــداریی لە یارییەکانی یانەکەیدا بکات، بۆیە یانەی کەتەلۆنی لە وەرزی ئەمساڵدا بڕیاری دا ئەم یاریزانە بەشێوەی خواستن بداتە یانەی شاڵکە.

# راهێنەری هەڵبژاردەی چیلی دەنگ بە میسی و گواردیو دەدات



راهێنەری هەڵبژاردەی چیلی (کلاودیۆ بۆرگی) ئاشکرای کرد، کە دەنگ بە میسی و گواردیۆلا دەدات لە دەستنیشانکردنی باشترینەکانی جیهان.

راهێنەری هەڵبژاردەی چیلی (کلاودیۆ بۆرگی) گوتی: لە دەنگدان یەکەم میسی هەڵدەبژێرم لە پلەی دووەم کریستیانۆ رۆناڵدۆ و لە پلەی سێیەم ئەندریاس ئەنییسا هەڵدەبژێرم.

لە درێژەی قسەکانیدا کلاودیۆ گوتی: میسی-م خۆش دەوێت، ئەو یاریزانێکی جیاوازە، لە وەرزی رابردوودا لە کاتی دەستنیشانکردنی باشترین یاریزانی جیهان دەنگم بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ دا، چونکە هەستم کرد پێویستی بە یارمەتی هەیە و هەروەها تەئکید بووم لەوەی، کە میسی دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان، هەندێك جار دەبێت هیوا ببەخشیە یاریزانی ئەستێرە بۆ ئەوەی متمانەی بەخۆی هەبێت ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو کە لە وەرزی رابردوو دەنگم بە کریستیانۆ دا.

لە درێژەی قسەکانیدا کلاودیۆ ڕوونی کردەوە کە باشترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا (مارادۆنا و میسی)ن بە بێ کەمکردنەوە لە ئاستی یاریزانەکانی دیکە، چونکە ئەم دوو یاریزانە خاوەن ئەزموونی جیاوازن لە نێو یاریگادا بۆیە یاریزانێکی جیاوازە.

لە کۆتایی قسەکانیدا کلاودیۆ باسی لە یاریزانی یانەی بەرشلۆنە سانشێز کرد و گوتی: پاڵەپەستۆیەکی زۆری لەسەرە و ئەمە بەسە، کە لە ڕیزی باشترین یانە لەسەر ئاستی جیهان یاری دەکات و هەست دەکەم دڵخۆشە لەگەڵ بەرشلۆنە و پێویستی بە کات هەیە بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ یانەکە بگونجێت.

# رۆناڵدۆ: دەبێت نیمار دەست بە رکابەری بکات لەگەڵ کریستیانۆ و میسی بۆ باشترین یاریزانی جیهان

ئەستێرەی پێشووی تۆپی پێی بەرازیل رۆناڵدۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا تەئکیدی لە گرنگی یاریکردنی نیمار دەکاتەوە لە خولەکانی ئەورووپا داو دەڵێت: ئەگەر نیمار لە خولی بەرازیل بەردەوام بێت ئەوە خەونی وەرگرتنی باشترین یاریزانی جیهان لە دەست دەدات، هەروەها بەردەوام بوونی لە یاریکردن لە خولی بەرازیل بەرزبوونەوەی ئاستی دەرنگ پێش دەکەوێت و دەبێت بە زووترین کات ڕوو لە خولەکانی ئەورووپا بکات.

لە درێژەی قسەکانیدا رۆناڵدۆ گوتی: سرووشتییە ئەم یاریزانە وەکو یاریزانێکی پیشەگەر لە ئەورووپا یاری بکات و لە ڕیزی گەورەترین یانەکانی جیهان و دەبێت هەر لە ئێستاوە دەست بە رکابەریکردن بکات لەگەڵ کریستیانۆ رۆناڵدۆ و میسی بۆ وەرگرتنی نازناوی باشترین یاریزانی جیهان.

لە کۆتایی قسەکانیدا رۆناڵدۆ گوتی: شانازییە بۆ گەلی بەرازیل لە کۆتایی هەموو هەفتەدا سەیری یارییەکانی نیمار بکەن لە خولی بەرازیل.

جێگەی باسە رۆناڵدۆ خاوەن کۆمپانیای ناین، تەنیا ئەم کۆمپانیایایە مافی گفتوگۆکردنی هەیە لەسەر یاریکردنی نیمار لە خولەکانی ئەورووپا و گەورە یانەکانی ئەورووپا رکابەری لەسەر مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی بەرازیلی نیمار دەکەن.



# هەولێر لە ڕیزبەندی ١٧٦ی باشترین یانەکانی جیهانە




یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ ئامار و مێژوو (IFFHS) ڕیزبەندی باشترین یانەکانی جیهانی بۆ تۆپی پێ لە مانگی ١٠ ئاشکرا کرد، کە تیایدا یانەی هەولێر لە مانگی (٩)دا لە ڕیزبەندی (٢٣٠) باشترین یانەکانی جیهان بوو، بەڵام لە مانگی١٠دا توانی لە ڕیزبەندی (١٧٦) بێت بە کۆکردنەوەی (٩٣,٥) خاڵ دوای ئەوەی شێرەکانی قەڵای زەرد توانییان بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بگاتە یاریی کۆتایی جامی یەکێتیی ئاسیا و بە دەستهێنانی سەرکەوتن یەك لە دوای یەك و لە کۆی ٥٠ یاری لە خولی بژاردەی عیراق و جامی یەکێتیی ئاسیا تەنیا لە ٢ یاری تووشی دۆران هاتن.

لەم ڕیزبەندەدا یانەی هەولێر پێش چەند یانەیەکی بەناوبانگی ئەوروپی و ئەمەریکا و ئەفریقیا کەوتووە وەکو (نیوئۆلز بویز ئەرژنتینی، مایۆرکای ئیسپانی، دینامۆ بۆخارستی ڕۆمانی، پارما، کیڤۆ ڤێرۆنا ئیتاڵی، سپارتاك مۆسکۆی رووسی، لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمەریکی، زەمالك میسری، سان لۆرینزۆ ئەرژنتینی،.. هتد).

جێگەی باسە ئەم ڕیزبەندییە مانگانە بە پێی یارییەکانی خولی وڵاتان و هەروەها پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان دادەندرێت بە پێی چەند پێوەرێکی تایبەت کە ٤٠٠ باشترین یانەکانی جیهان دەگرێتەوە.

# مانگی داهاتوو هەولێر پاڵەوانێتیی تۆپی دەستی کچانەی نایابی کوردستان لە باوەش دەگرێت



لە شاری دهۆك بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان وبەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتییەکەو بەبەشداری ١١یانەی شارەکانی کوردستان کە بەسەر دووکۆمەڵەدا دابەشکرابوون، یارییەکانی پاڵاوتن و گەیشتن بۆ ڕیزی یانە نایابەکانی کوردستان، چەندین یاری لە نێوان یانە بەشداربووەکاندا لە هەردوو کۆمەڵە ئەنجامدرا و یانەکانیش توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، لە ئەنجامیشدا هەریەك لە یانەکانی (ئافرەتانی هەولێر، سەنحاریب، قەڵا، ئافرۆدێت، شەقلاوە، ئاکرێ، کۆیە ) سەرکەوتن بۆ ڕیزی یانەی پلە نایابەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم سەرۆکی یەکێتیی تۆپی دەستی کوردستان بە گوڵانی ڕاگەیاند کە ئاستی هەریەك لە یانەکانی (هێرش، کچانی کەرکوك، بابا گوڕگوڕ، سەرچنار)دابەزین بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و پاڵەوانێتییەکە لە نێوان هەر ١١ یانەی شارەکانی کوردستان زۆر بەرز بوو، ململانێی بەهێزیش هەبوو، هەرچەندە یانەکان توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و دەرئەنجامیش حەوت یانە سەرکەوتن بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکان بڕیاریشە لەرۆژی ١٠ی مانگی داهاتوودا لە شاری هەولێرلە هۆڵی داخراوی شەهید فرەنسۆ هەریری هەر حەوت یانە لە خولێکی یەك قۆناغی بەیەك بگەن و پاڵەوانی ئەم وەرزە بەدیار بکەوێت.

# کچانی پێشمەرگەی سلێمانی بوونە پاڵەوانی شەترەنجی عێراق



بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی شەترەنجی عێراقی و بەبەشداری چەندین یانەی شارەکانی عێراق، لە شاری بەغدا، پاڵەوانێتیی شەترەنجی یانە پلە یەکەکانی عێراقی بۆماوەی سێ ڕۆژ بەڕێوەچوو، کچانی یانە بەشداربووەکان لە ململانێی بەهێزدابوون بۆبەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە کە ژمارەیەك لە کچانی یانەکانی کوردستان بەشداربوون، ڕکابەری بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پاڵەوانی خولەکە و لە ئەنجامیشدا کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی توانیان لەکۆی حەوت یاری بەبێ هیچ دۆڕانێك و بە شەش سەرکەوتن ویەك بەرامبەر ببنە پاڵەوان.ئەنجامی کۆتایی یانەکانیش بەمشێوەیە بوو.

١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی
٢-یانەی ئیتسالات
٣-یانەی گارە



# چەمچەماڵ نازناوی کاراتێی یانەکانی کوردستانی بەدەستهێنا

وەکو بەرنامەی ساڵانە و خزمەتکردنی زیاتری کارتێی ئاستەکانی تەمەن لە شارەکانی کوردستان و گرنگیدانی زیاتر بەم یارییە لە شاری دهۆك لە هۆڵی چالاکی وەرزشـــی وی دیدەوانی دهۆك، بەسەرپەرشـــتی یەکێتیی ناوەندیی کاراتێی کوردســـتان و بە هاوکاری نوێنەرایەتیی لیژنەی ئۆلۆمپی شـــاری دهۆك و بە بەشداری زیاتر لە ٢٠٠ یاریزانی شارەکانی کوردستان، پاڵەوانێتیی کاراتێی یانەکانی کوردســـتان بۆ ئاســـتی تەمەن ١٤ساڵی کوڕان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشـــداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، ئەنجامی کۆتایی یانەبەشداربووەکانیش بەم شێوە بوو.

١-چەمچەماڵ ٦٢خاڵ
٢-پیرەمە گرون ٣٤خاڵ
٣-زێرەڤانی ٣١خاڵ
٤-پێشمەرگەی سلێمانی ٢٥خاڵ

# یاریزانانی هەولێرو کەرکوک باڵادەستی تێنسی سەرزەوی عێراق بوون

بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی سەرزەوی عێراقی وبەهاوکاری لقی کەرکوکی یەکێتییەکە و بەبەشداری ٢٤یاریزانی یەکەمەکانی شارەکانی عێراق، لەشـــاری کەرکوك پاڵەوانێتیی تێنســـی ســـەرزەوی بۆ یاریزانانی ئاســـتەکەکانی تەمەن لە ئاستی تەمەنەکانی ١٠ساڵ و١٢ساڵ و ١٤ ساڵ بەڕێوەچوو، یاریزانانی بەشـــداربووش ئاســـتێکی بەرزییان پێشکەشکرد و کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەیە بوو.

ئاستی ١٠ساڵ
١- محەمەد عوسمان – کەرکوك
٢- زانکۆ دلێر- کەرکوك

ئاستی تەمەن ١٢ساڵ
١-سان تەحسین – هەولێر
٢-هەردی دلێر- کەرکوك

ئاستی تەمەن ١٤ساڵ
١-مستەفا ئەحمەد- هەولێر
٢-محەمەدسالم- کەرکوك



# کچانی هەولێر نازناوی باڵەی پەروەردەکانی هەرێم بەدەست دێنن

وەك پرۆگرامی ســـاڵانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەرزش و هونەر لە وەزارەتی پـــەروەردەی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان و زیاتر خزمەتکردنـــی وەرزش لە قوتابخانەکانی ســـەر بە پەروەردەکانی هەرێمی کوردســـتان، بەبەشداری هەریەك لە هەڵبـــژاردەی باڵەی کچانی پەروەدەکانی هەولێروســـلێمانی ودهۆك وکەرکوك وگەرمیان لە شـــاری هەولێر لە هۆڵی یانەی ئـــەکاد پاڵەوانێتی باڵەی کچانی هەڵبژاردەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتیەکەشدا دوای ئەنجامدانـــی چەندین یاری لە نێوان تیپە بەشـــداربووەکاندا، هەردوو هەڵبژاردەی هەولێروسلێمانی گەیشـــتە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە، لە یاری کۆتاییشدا کە هەریەك لە لیژنەی وەرزش و لاوان لە پەرلەمانی کوردســـتان و دکتۆرعیســـمەت محەمـــەد خالید وەزیری پەروەردە و بەکر کەریم حەســـەن بەڕێوەبەری گشـــتیی پەروەردەی هەولێرو ژمارەیەکـــی زۆری هاندەران ئامادەی بوون، دوای یارییەکی بەهێـــز کچانی پەروەردەی هەولێرتوانیان یارییەکە بە ئەنجامی (٣-١)گێم ببەنەوە و ببنە پاڵەوانی تۆپی باڵەی پەروەردەکانی هەرێم، لەکۆتاییشـــدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەتووەکاندا دابەشکرا.

